# منیش بۆخۆم دەگریام

زاریا شێخانۆڤە sarya_shexanova@yahoo.de



لەدێیەکەی ئێمە هیچ کەسێک هێندەی پورەئامین میهرەبانو دڵ پڕ لەنەوا نەبوو، ئەو بەقوربانوو سەدەقەی هەموو کەسێک دەبوو،هەموو کەسێکی خۆشدەویست ، جیا لەمەش لەهەموو کوردستان ژنێک نەبوو وەک ئەو مەڕومالآت و زیندەوەرەکانی ئەو وڵاتەی خۆشبوێ. ئەگەر مریشکێکی هێلکەکەر بەهۆیی نەخۆشیەکەوە مردارەوەبوایە ، ئەوە پورەئامین وەک هەمیشە لەبەر هەیوانەکەیان دائەنیشتو چاوەکانی پڕ ئەبوون لەفرمێسکو بەدڵێکی زۆر خەمگینەوە بەسەر هێلکەی خۆشی ئەومریشکەی هەڵئەداو، ئینسان سەری سوڕئەما لەوەی، کە ئەم ژنە ئەم هەموو وشە جوانانە لەکوێ بەرچن ئەکا بۆ مریشکێ کەمرداربوونەوەی بەهیچ شێوەو لای هیچ کەسێک گرنگ نەبوو. ڕۆژێک لەحەوشەکەیان مریشکێک بەسەرەگێژەوە بەلەرزەلەرز لێی نزیک بوەوەو، پاش کەمێک خولانەوە بەلادا هاتوو کەوتە پەلەقاژە، پورەئامین ئەگەرچی هاواری کرد چەقۆیەکی بۆ بهێنن، بەڵام چەقۆ بە ملیا نەگەیشتوو مریشکەکە بەپەڕکەمێکی زۆرەوە مردارەوەبوو. پورەئامین وەک کاری هەمیشەی کێشای بەسەر سینگی خۆیداو کەوتە ناڵەو لالآنەوە ، ئەک لالآیم دایێ یاخوا هەربۆخۆم، خۆدوێنێ دەتووت قەتێیەکە بەخۆبادانەوە دەچوو لەکادانەکە هێلکەکەی بکا، بۆ قەت ڕۆژێ لەڕۆژان هێلکەیەکی دۆڕاند! ئەک چاوم کوێر بێت مریشکە پەڕخورمایەکەم، مریشکەچاو قلە نیسکەکەم بۆ هێلکەی تامدارت .. هتد. خۆئەگەر مانگایەک بەهۆی لایلۆن جاینو لایلۆن خواردنەوە مردارەوە بوایە ، یامەڕێک شوانێک بەبەرد یاخۆ پەلارێک قاچی بشکاندایە، یا سەگێک کەسێک تەقەی لێبکردایەو بی تۆپاندایە ، یا کەرێک بەهۆی بارلێنانی گرانوو برینی پشتیەوە بتۆپیایە،گرنگ نەبوو خاوەنەکەی کێیە، ئەوە ئەو وەک هەمیشە ئەیکێشا بەڕوومەتی خۆیداو ماوەیەکی زۆر بەسەریا هەڵیئەداو ئەیلاوانەوە. ئەوە خۆ ئەگەر ژنێک منالی لەبارچوایە ، یاخۆ ئەگەر منالێک لە دێیەکە بەهۆیی ددان ئێشەوە بناگوێیی هێندەی جەڕەیەکی لێبهاتایە ، یاتوشی کۆکە ڕەشەو ،گرانەتاو ،مەلاریاو ، سورێژەو پەتایەکی تر بوایە کە خوا بەزستانان لەهەر وەرزێکی تر زوو تر هەواڵەی منالآنی دەکرد،ئەوە پورەئامین شیوەنی دنیایی بۆ دەکردو ڕوومەتی خۆیی هێندە دەڕنیەوە تاخوێنی لێدەهات. من لەژیانمدا هیچ کەسێکم نەدیبوو کەوەک ئەو بتوانێ بەسەر مردووە هەڵبداو دۆستوو بێگانە هێندە بەکوڵ بهێنێتە گریان. ئەگەر ئەونەخۆشیانەی کەباسم کرد ببوایەتە هۆی مردنی کەسێک و زرمەی سینگکوتان لەماڵێک بەرزبوایەتەوە، ئەوە پورە ئامین بەقژ ڕنینەوە لەپێش هەموو کەسێک دەگەیشتە ئەوێو لەهەرکەسێک زیاتر قژە سپیەکەی دەسکەنە دەکرد. لەوناوچەو دەورووبەرە هیچ ژنێک نەبوو بتوانێ لەلاوانەوەدا بەرەنگاری بێتەوە.ژنانێکی زۆر سنگ کوتان و پیاهەڵدانو لاوانەوە لەوەوە فێربوون . من باخچەوانی ماڵی پورەئامین بووم و ڕەزم بۆیان ئاودەدا، من ئەوکاتە منالْ بووم و تەمەنم هەر ١٣ ساڵێک دەبوو ، بەس بڕوا بکەن حەسودیم بەوئینسان و ئاژەڵانەدا دەهات کەدەمردن و یاخۆ مردارەوە دەبوون ،چوونکە من بەزیندوێتی هیچ کات کەسێک بەوشەیەکی شرین نەوازشی نەدابومەوەو،ئەوەندەی بەبیرم دەهات من و منالآنی تری ،ئەگەر جارێک قسەیەکی خۆش بەرگوێچکەمان دەکەوت، ئەوەسەدان جار لەسەرهەڵەو نافەرمانیەکی زۆرئاسایی سەدان جنێوو سوکایەتیمان پێدەکرا.  ئەگەر چی پورەئامین وەک منالەکانی خۆی حیسابی بۆدەکردم و بەقوربان و سەدەقەم دەبوو، بەڵام زۆربەی جار لەکارەکانم ناڕازیبوو ،ئەگەردارهەنجیرێک بەرگرتنی وەک ساڵی پار نەبوایەو ئەگەر دارقەیسیەک بەهۆیی نەخۆشیەکی سروشتیەوە سیسوو هیشک بوایەتەوە ئەوە من تاوانباردەکرام.

من زۆر حەزم دەکرد بزانم،ئەگەر منیش وەک منالآنی تر بەنەخۆشیەک بمرم ویاخۆ لەناوڕەزو لەکاتی بێڵتەپدا مارێک پێمەوەداو جوانەمەرگ بم، پوورەئامین چۆن بەسەرم هەڵئەداو چۆن ئەلاوێتەوە . بۆیە ڕۆژێک کەوتمە بیرکردنەوەو ویستم کارێک بکەم کە گوێم لەبەسەر هەڵدانی خۆم بێت ،سەرەتا ویستم خاکەنازێک بکێشم بەپایی خۆمداو پام وەک شووتی شەق کەم ، جارێکی تر ویستم چەقۆیەک بکەم بەزگی خۆمداو خۆم تالێومردن بەرم ، تەنها بۆنەختێک لاوانەوە ، بەڵام چەندێکم و هێناو برد نەموێرا. نیوەڕۆیەک کە پورەئامین لەبەرهەیوانەکایان پایی ڕاکێشابوو لەسەر خۆ خەریکی سیگارپێچانەوەبوو، بیرێک بەمێشکمدا هات. ئەوان لەحەوشەکەیان بیرێکی ئاوی یەکجار قوڵیان هەبوو کە هەم بۆخواردنەوەو هەم بۆ مەڕومالآت ئاودان بەکاردەهێنرا. ئەوبیرە نزیک بەبیست باڵێک قوڵ دەبوو، تادەوڵکە ئاوێکت دەردەهێنا ،قیر سپی دەبوو، دەرگایەکی لەتەنەگە دروستکراو درابوو بەسەر ئەوبیرەدا کە هەمیشە بەردێکی گەورەی بەسەرەوە بوو بۆ ئەوەی منالۆتوالۆ مەڕو مالآتی تێنەکەوێ. پورە ئامین بەوپەڕی دڵوداوەوە سەرگەرمی سیگارپێچانەوە بوو، تەنانەت ئاگای لەوە نەبوو کەمن چۆن خەریکم بەئاسپایی تەنەگەی سەر بیرەکە لائەبەموو بەردە گەورەکەی تێفڕێ ئەدەم . لەناکاوێکە تاهێزم تێدا بوو بەردەکەم فڕێ دایە ناو بیرەکەو ،وەک کەسێک کەلەڕاستیدا بکەوێتە ناوبیرێکەوە، هاوارم کرد وای خنکام. دوایی ئەوە بەچاونوقانێ ڕامکردە حەمامەکەوە کە ڕێک لەپاڵدەستی بیرەکەدا بوو. لەوێ قازانێکی گەورەی تیابوو ،کەلەکاتی خۆشۆریندا ئاویان تێ ساردووگەرم دەکرد، قازانەکە بەشێوەیەک گەورەبوو من توانیم بەئاسانی بیدەمە بانخۆماو لەژێریدا خۆم بشارمەوە. کەئەمەم کرد بەدڵەڕاوکێو حەسرەتێکی زۆرەوە چاوەڕێ بووم تا گووێم لێبێ چۆن پووره ئامین بەسەرمدا هەڵئەدا. چاوەڕوانیەکەم بەجێبوو، هەرئەوەندەی پێ نەچوو پورە ئامین بەهەڵەداوان و فیزاح کردن خۆی گەیاندە لێوار بیرەکەو لەکاتێکدا پەیتا پەیتا دەیکێشا بەسینگوو

**ڕوومەتی خۆیدا ،هاواری دەکرد ،کوڕە جیرانو میران بەفریامان کەون ،کورە ئەحە خنکا ، ئەحەی هەنجیر ئاودەرو بێستان بژارکەرم. بەونیوەڕۆ گەرمە نازانم ئەو مێگەلە خەڵکە چۆن وازوو کۆبوونەوە. خەڵکەکە لەتاوی خنکانی من سەریان لێشێوابوو ،وەک مێروولە بەیەکدا دەهاتن، یەکێک دەیووت بڕوا ناکام مابێ، ئەم بیرە بێ حەد قوڵە . کەئەمە دەوترا پورەئامین دەیقیژان ،کورە ئەحەی گەردن زەردم ڕۆ، باخەوانی باخی بێ باخەوانم ڕۆ، کوڕە دەنگ خۆشەکەی ئاوایم ڕۆ ، خەوخۆشەکەی نیوەڕوانم ڕۆ، کوڕە زۆرخۆرەکەم ڕۆ،کوڕەلەجێی گشت کەسەکەم، جابێ تۆ ئەم بەهارە نە ڕیزە قەیسیەکان چرۆدەکەنوو نە دارهەنجیرەکانیش پایزان بەردەگرن. جاپاش تۆ کێ چیلکەودارم بۆبکێشێتەوە بۆ تەنوورداخستن و حەمام گەرمکردن. ئەم وشانە گوێچکەمی وەک گوێچکەی کەرێکی میهرەبان قۆڵاخ کردبوەو ،پڕ بەدڵ حەزم دەکرد کەئەمە بە ڕاستی ڕوویبدایە. خێرا کەسێکیان بەپەتێکەوە بەستاو شۆڕیان کردەوە بۆ ناو بیرەکە ، ژنان بەدیار بیرەکەوە سنگ کوتانیان بوو. من هیچ کاتێک هێندە بەسەروباڵم هەڵنەدرابوو،کەسێک دەیوتو یەکێکی تر دەیسەنەوە. من نەم دەزانی کە ئەم هەموو نرخ ڕێزەم هەیە، من نەمدەزانی لەلای خەڵکی هێندە خۆشەویستم. ئێستا بۆ یەکەم جار بوو پەیم بەکەسایەتی و چاوی جوان و بەژنی ڕێکی خۆم دەبرد، بۆ یەکەم جار بوو گوێم لێ بێ کەژنان هێندە بەدڵو داوەوە بەسەرو باهومدا بلاوێنەوەو ئاگرلەدڵی دڵڕەقترین ئینسان بەردەن، من نەم دەزانی کەنەبوونی من ، دەتوانێ کارەساتێکی هێند گەورەبنێتەوە و بەوشێوەیە خەلکی خەمگین و غەمبارکا. ئەو هەموو کچە بەژن شەنگەبیانەی کە تادوێنێ حەسرەتم بوو نەختە نیگایەکم تێبڕن، ئێستا خەریک بوون لەسۆی مردنی من قژە خاوەکانیان پڕ بەچنگ دەسکەنە دەکرد . ئەولاوانەوەیە بەجۆرێک کاری تێکردم ، کەلە حەمامەکە خۆم پێنەگیراو بەبێ ئەوەی بتوانم پێش بە خۆمبگرم دام لەپڕمەی گریان. من لەوخەڵکە بەکوڵتر بۆ ئەحەیەک دەگریام کەکەوتبوە ناوبیرەکەوەو لەم هەموو جوانیو نازداریە بەهرەمەندبوو. قوڵپەی گریانی بەسۆزی من سەرنجی ئەوحەشاماتەی بۆ لای حەمامەکە ڕاکێشاو،یەکێ گووتی ئەوە کێیە لەوحەمامە دەگری؟ مەگەر ئەوە ئەحە نیە ؟ ژنێک هات دەرگاکەی کردەوەو کەسەروسەکووتی من بینی لە ترسوو وەحشەتا دایلەقیژەو هاواری کرد ئەحە زیندووە، خەڵکی تاویاندایە حەمامەکە، ئەو شیوەن و واوەیلایە بەیەک چرکە فزەی لێوە بڕا. دوو زەلامی چوارپەل قەوی گرتیان بەپیلماو گوتیان :ئەی ئەوەنیە ئەم زیڕە کوشتیە زیندووە! دەمبینی ئەوخەڵکە چۆن لەحەسرەتی من ڕەنگ بەڕوویانەوە نەمابوو. کاتێکم زانی منیان بە پەتێک بەستایەوە، سەرەتا وامزانی کەفڕێم ئەدەنە ناوبیرەکەوە، بۆ ئەوەی شیوەنوو واوەیلاکە بەردەوامبێ، بەڵام وانەبوو، ئەوان بە گوێسەبانەی حەمامەکەوە سەرەو خوار هەڵیان واسیم . بڕوا بکەن لەژیانمدا ئەوەندە لێدانم نەخواردبوو . بەلامەوە سەیربوو ،خەڵکێک کە چەند خولەکێک لەمەو پێش سنگی خۆیان بۆمن دەکوتاو بەسەرو باهووی مندا هەڵیان دەدا بۆ وام لێدەکەن،مەگەر ئەوهەموو شیوەنوو ڕۆڕۆیە بۆ لەدەسدانی من نەبوو؟ من وام دەزانی بەوەی کە نەخنکاوم ، هەموو شادمان دەبن و باوەشم پێدا دەکەن و لەماچو ئامێزی خۆیان نقومم دەکەن ، بەڵام وانەبوو . پورە ئامین کە چاوەکانی لەبەر گریان و شیوەنو ڕۆڕۆ سور سور بوبوونەوە، بەڕقەوە دەیگووت ، بیکوژن ،ئەم کەلە بەرازە خۆ ناوزگی هەموومانی بڕی ، ئەە کوڕم مار بەبن هەنگڵتەوەداو زوخاولەگوێتەوە بێ، ئەم خەڵکەت بۆ وا لێکرد؟ بەڵام ئەوانە هیجی گرنگ نەبوو، بۆمن گرنگ ئەوەبوو ئێستا ئیتر دەمزانی وەک مناڵێک لەچ بایەخ و نرخ وخۆشەویستیەک لەناو ئەوخەڵکەدا بەهرەمەندم.. !**

**٢/٢٢ /٢٠٠٦**

**وێنەکە لە ئەنتەرنێتەوە وەرگیراوە!**